کتێبی حەوتەم

کتێبخانەی (PDF)

# سەرگێشیەکانی شێرلۆک هۆلمز



نووسەر
ئارثەر کۆنان دویڵ

وەرگێرانی
مەدینە ئەحمەد

# سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز

نوسینی:
ئارثەر کۆنان دوێڵ
وەرگێڕانی:
مەدینە احمد

# تاجی زومروت

# کەسایيەتییەکان

شێرلۆك هۆڵمز: پشكنەری تايبەت.

د.واطسـۆن: دكتـۆره ويارـيدەدەری تـايبەتی شێرلۆكه، گێڕەوەی دۆسييەكانيشه.

بەڕێـز هۆڵـدەر: خـاوەنی دۆسـييەكه وخـاوەنی بانكه.

ئارثەر: كوڕی بەڕێز هۆڵدەر.

ماری: برازای بەڕێز هۆڵدەر.

لوسـی: خزمەتكـاری مـاڵی بەڕێـز هۆڵـدەر كەچەند مانگێكه لەوێيه.

فرانسـيز بروسـير: خزمەتكـاری مـاڵی بەڕێـز هۆڵدەر.

سـێر جـۆرج بيرنوێـڵ: هـاوڕێی هاوسـەره كۆچكردووەكەی بەڕێز هۆڵدەر.

بەیانییەك لەپەنجەرەكەوە لەشاقەمەكەم ئەڕوانی، وتم: هۆڵمز، ئەوپیاوە شێتە دەبینی لەشەقامەكە هاتو چۆیەتی؟ كارێكی شەرمەزارانەیە بۆخێزانەكەی ڕێگەدەدەن بەو حاڵە بەتەنها لەدەرەوەبێت.

هاوڕێكەم بەتەمەڵی لەسەر كورسییەكەی هەستاو لەپشتمەوە لەسەر شانەكانم دەیڕوانی ودەستەكانی لەناو ڕۆبەكەی بوو. بەیانی یەكێك لەڕۆژەكانی مانگی دوو بوو، كەشێكی سافی هەبوو ئەوبەفرەی ئێستا بەئەسپایی دەباری- دوێنێ شەو بەكلو كلو دەباری- لەژێر ڕووناكی خۆری زستاندا، شوێنی ڕۆشتنی گالیسكەكان خەتێكی قاوەیی درێژی دروست كردبوو لەناوەڕاستی شەقامی بەیەكەر، بەفریش هەروەكو خۆی لەپیادەڕەوەكە بوو، سەرەڕای ئەوەی پیادەڕەوە ڕەساییەكە پاككرابووەوە بەڵام هێشتا مەترسی خلیسكانی لەسەرە، ژمارەی پیادڕەوەكانیش لەچاو كاتەكانی پێشوتر كەمتر بوو، بەجۆرێك جگە لەوپیاوەی سەرنجی ڕاكێشام هیچ كەسێك لەبەشی وێستگەی مترۆبۆلێتان هاتووچۆی نەدەكرد.

تەمەنی نزیكەی پەنجا ساڵ دەبوو، پیاوێكی باڵابەرزی هەیكەلی بوو. سەرەڕای جلە خەماوییەكانی كەشخەیشی تیادا بەدی دەكرا، پانتۆڵێكی ڕەساسی كەوردەكارییەكی زۆری تێداكرابوو لەگەڵ چاكەتێكی ڕەش وپێڵاوێكی قاوەیی درەوەشاوە وكڵاوێكی لەبەربوو.

بەدەربڕینەکـــانی ڕووخســـاری وئەتوارەکـــانی هەســـتم بەشـــتێك کـــرد تیایـــدا، بەخێرایـــی هـــاتوچۆی دەکـــردو ناوبەنـــاویش دەوەســـتا ودووبـــارە دەســـتی پێـــدەکردەوە ودەستەکانی بۆسەرەوەو خوارەوە دەبرد.

پرســـیم وتـــم: ئەم پیـــاوە چییەتـــی ؟ ســـەیری ژمـــارەی خانووەکان دەکات!

هـــــۆڵمز وەکـــــو ئەوەی دەســـــتەکانی گەرم بکـــــاتەوە دەســـــتەکانی لەیەك ئاڵانـــدوو وتـــی: پـــێم وابێـــت دێـــت بۆئێرە.

- ئێرە؟!
- بەڵـــــێ؛ هـــــاتووە بـــــۆئەوەی ڕاوێـــــژم پێبکـــــات لەکارێکـــدا، بـــڕوام پێـــبکە ئەم جـــۆرە دەربڕینـــانە دەزانم........ها، ئەوەتا نەموت؟

لەکاتێکـــدا هـــۆڵمز بەردەوام بـــوو لەقســـەکردن پیـــاوەکە بەهەناســـە بڕکـــێ لەزەنگـــۆڵەی دەرگـــاکەی دەدا هەتـــا وای لێهـــات گەڕەکەکە پڕبـــوو لەدەنگـــی زەنگـــۆڵەکەی مـــاڵ ئـــێمە، دوای چەنـــد خولەکێـــك پیـــاوەکە لەژوورەوە بـــوو بەڵام هێشـــتا هەناســـە تونـــدییەکەی لەبەر نەبـــوەوە، هەرهـــات بەدەســـتی ئامـــاژەی دەکـــرد، هەرزوو نیگـــا خەماوییەکـــانی بـــۆترس وتۆقـــاوی گـــۆڕا، بۆمـــاوەیەك نەیدەتوانی قسەبکات.

وەک، کەســـێکی شـــێت دەســـتی بە جەســـتە وقـــژی دەهێنـــا، لەپـــڕ هەســـتاو ســـەری خـــۆی دەکێشـــا بەدیـــــوارەکەدا بەخێرایـــــی دوورمـــــان خســـــتەوە،

بەهەردووکمـــانەوە هێنامـــانەوە ســـەر کورســـییەکە. هـۆڵمز پـاڵی پێوەنـاو لەسـەر کورسـییەکەی نـا، دواتـر لەپەنــای دانیشــت ودەســتی گوشــی وبەتــۆنێکی ئــارام ودڵنیــا کەرەوە کە بەباشــی دەیزانــێ چــۆن بەکــاری



بهێنێت .

وتـــی: هـــاتووی تـــاچیرۆکی خـــۆتم بـــۆبگێڕیتەوە،وایە؟ لەبەرئەوەی بەپەلە بویـــت مانـــدووبویت ؛ جـــارێ چـــاوەڕێ بـــکە تـــاوەکو هەناســـەت بەبەردێتەوە،دواتـــر زۆر بەخـــتەوەردەبم بەدوای هەرکێشـــەیەکی بچـــووك بگەڕێم کەتۆ پێمی دەڵێیت.

پیـــاوەکە بۆخولەکێـــك دانیشـــتبوو هەوڵـــی دەدا هەناســـە بەبەر خـــۆی بێنێـــتەوە وهەســـتەکانی کـــۆنترۆڵ بکـــات، دواتـــر بەدەســـتە سـڕێك لێوەکـــان وبـــرۆێ سـڕی، دواتـــر ئـــاوڕی دایەوە بەلای ئـــێمەوە وتـــی: گومـــانم تێـــدا نیـــیە پێتان وایە من شێتم.

هـــۆڵمز وەڵامـــی دایەوەو وتـــــی: بەڵکـــو وایە بینـــیم کێشەیەکی ترسناکت هەیە.

- خـــودا دەزانـــێ کێشـــەیەکی وەهـــا ترســـناکم هەیە خەریـــــکە مێشـــــکم لەدەســـــــت دەدەم. ئەگەر مەســـەلەکە ئاســـایی بـــوایە دەمتـــوانی بەئاســـانی ڕووبەڕووی بـــبمەوە، ســـەڕەڕای ئەوەی پیـــاوێکم تـــا ئێســـتا شـــۆرەتم پەڵەی تێنەکەوتـــووە، بەڵام کێشـــەو مەشـــغەڵەت لەچارەنووســـی هەمـــوو کەســـێکە وهەمووکەســـێك تووشـــی ئەبێـــت، بەڵام کاتێـــك هەردووکـــی لەیەك کاتـــا کـــۆدەبێتەوە ئەوەنـــدە بەســـە کە مـــرۆڤ شـــێت بێـــت. لەگەڵ ئەوەشـــدا تەنهـــا پەیوەنـــدی بەمـــنەوە نیـــیە، ئەگەر ڕێـــگەیەك نەدۆزیـــتەوە بـــۆئەوەی لەم کێشـــەیە دەربـــازبین کەســـێکی خانـــادانترو بەڕێزتـــرو بـــاڵاتر هەیە لەســـەر ئەم زەمیـــنە کە ئەویـــش بەدەر نـــابێ لەو کارەساتەی ڕودەدا.

هۆڵمز وتـی: تکـایە گەورەم خـۆت بگـرە، بەڕوونـی پـێم بڵێ تۆکێیت وچیت بەسەرهاتووە.

میوانەکەمان وەڵامی دایەوەو وتی: دەشێت ناوەکەم ناسراو بێت بەلاتەوە، من " ئالیکساندەر هۆڵدەر" م لەکۆمپانیای هۆڵدر وستیفنسۆن بۆکاروباری بانکی.

هەر بەڕاستی ناوەکە ناسراو بوو بەلامانەوە، گەورەترین هاوبەشی دووەم زەبەڵاحترین کۆمپانیای بانکی تایبەتە لەلەندەندا، واق بووین؛ ئەکرێت چی روویدابێت واکەوتۆتە ئەم حاڵەوە؟

دوای ئەوە هاتەوە سەرخۆی وبەوپەڕی دڵفراوانییەوە گوێمان لە گێڕانەوەکەی دەگرت، وتی: هەستەکەم کات گرنگی خۆی هەیە، کاتێك لێکۆڵەری پۆلیس جەختی لەگرینگی یارمەتی دانی تۆکردەوە خێرا هاتم بۆلات، بەشەمەندەفەر هاتم و لەبەرئەوەی گالیسکەکان بەهۆی بەفرەکەوە خاون بەپیادە لەوێستگەکەوە هەتاوەکو ئێرە هاتم. بۆیە نەمتوانی هەناسەی خۆم ڕابگرم کەسێکیش بەدەگمەن وەرزش بکات هەروادەبێت، بەهەرحاڵ ئێستا هەست بەباشتر بوون دەکەم، هەوڵەدەم ڕاستییەکانت بەبەش بەش پێبلێم بەڵام بەڕوونی.

بێگومان ناسراوە لاتان کەکاری بانکی سەرکەوتوو وبەقازانج پشت دەبەستێتە سەر توانای دانانی دارایی لەبەرهەمهێنانی سەرکەوتوودا، وەپشتیش دەبەستێت بە بازنەی فراوانی ناسینی خەڵکی وزیادکردنی ژمارەیان. پێدانی قەرزیش یەکێکە لەسەرکەوتوترین ڕێگاکانی قازانج کاتێك گرەنتیەکی

متمـــانه پێكـــراو هه‌یه‌، له‌و چه‌نـــد ســـاڵه‌ی ڕابردووشـــدا زۆر جــــار قه‌رزی له‌وجۆره‌مـــــان داوه‌ به‌خه‌ڵكـــــی و به‌چه‌نـدین بنه‌مـاڵه‌ی خـانه‌دان وبه‌ڕێـز وبـاڵا به‌گره‌نتـی تابلۆكانیان یان كاڵایه‌كی به‌نرخ به‌لایانه‌وه‌.

دوێنـی له‌سـه‌ر كورسـی نوسـینگه‌كه‌م دانیشـتبوم كاتێـك یه‌كێــك له‌كارمه‌نــــده‌كانم كـــارتی ناســـاندنی كه‌ســـێكی بۆهێنــــام ، كاتێـــك نـــاوه‌كه‌م بینــــی وشـــك بـــووم، ئه‌وته‌نهـــا........... باشـــه‌، پـێم باشـتره‌ ته‌نیـــا ئه‌وه‌ت پێــــت بڵـــێم كه‌ یه‌كـــێكه‌ له‌بـــاڵاترین و خــــانه‌دانترین وبه‌ڕێزتــرین كه‌ســایه‌تیه‌كانی ئینگلــته‌را. كاتێــك خــۆی كـرد به‌ژورا ویسـتم بڵـێم زۆر كـاریگه‌ر بـووم به‌هـاتنی، به‌ڵام دیـــاربوو ده‌یویســـــت ڕاســـــته‌وخۆ باســــی كــــار بكـــاته‌وه‌؛ ڕوون بــــوو ئه‌یویســـــت زوو ته‌واوببێــــت، وتی: پێم وتراوه‌ قه‌رز ده‌ده‌ی به‌ڕێز "هۆڵده‌ر".

وه‌ڵامـم دایه‌وه‌و وتـم: كاتێـك گره‌نتـی باشـبێت كۆمپانیـا ئه‌وه‌ده‌كات.

- زۆر پێویســـتی په‌نجـــا هه‌زار جـــونیه‌م، بێگومــــان به‌ئاســـــانی ده‌تـــوانم ده‌یـــان پـــاره‌ی هیچـــی له‌م شـێوه‌یه‌ له‌لای هاوڕێكـانم بێـنم، به‌ڵام پـێم باشـتره‌ كارێـــك بێـــت وخـــۆم بـــیكه‌م، ئه‌تـــوانی تێـــبگه‌ی كه‌سـێكی وه‌كـو مـن جـواننییه‌ بـۆی له‌ژێـر بـاری قه‌رزی كه‌سێكی دیكه‌دا بێت.

پرســـیم وگـــوتم: ئه‌تـــوانم بـــزانم بۆمـــاوه‌ی چه‌نـــدێك ئه‌وبڕه‌ پاره‌یه‌ت ده‌وێت؟

گــــوتی: دووشـــــەمەی داهـــــاتوو بڕەپـــــارەیەکی زۆر بەدەســـت دێـــنم، ئەوکـــات قەرزەکەش وئەوســــوودەی بـــــۆمی دادەنێـــــی پێتـــــی دەدەم، بەڵام زۆر زەرورە هەرئێستا ئەوبڕە پارەیە بەدەست بێنم.

گـــوتم: ئەگەر لەســــەرووی توانــــای خـــۆم نەبــوایە دڵخۆشـــەبووم لەگیرفـــانی خـــۆم پێتـــی بـــدەم، کاتێـــك لەکۆمپانیـــاوە پێتـــی دەدەم پێویســــتە ڕێوشــــوێنی تەواو بگرمە بەر.

بەدەم هەڵگرتنـــــــی ئەوجانتـــــــای کەلە تەنیشـــــــت کورســـییەکە داینـــابوو گـــوتی: پـــێم باشـــترە کارەکـــان بەم شـــێوەیە بـــڕوات، بێگومـــان تـــاجی زمروتـــت بیســـتووە وایە؟

گـــوتم: یەکـــێکە لەبەنرختـــرین مـــوڵکە گشـــتییەکانی ئیمپراتۆرییەت.

- بەتەواوی.

دواتـــر جانتـــاکەی کـــردەوەو لەنـــاو جانتـــاکەدا خشـــڵێکی تێــــدابوو کەبەقوماشــــێکی قەدیــــفەی ســــووری نەرم ئـــــاڵابوو دەرکەوت، گـــــوتی: تـــــاجەکە (٣٩) ســــیونۆ زومروتـــــی پێـــوەیە، ئەوەنـــدە گرانبەهـــایە کەناتوانیـــت نرخـــــی بۆدابنێیـــــت. کەمتـــــرین نـــــرخ کەدایبنێـــــی لەســــــەرووی ئەونــــــرخەیە کەداوای دەکەم، ئامــــاددەم وەکو گرەنتی لەلاتی دابنێم.

جانتاکەم هەڵگرت، کاتێك سەیری ناوەوەیم کرد ئەبڵەق بووم. سەیری بریکارەکە بەناوبانگەکەم کرد، پرسی گوتی: گومانت لەنرخەکەی هەیە؟

- هەرگیز، بەڵام تەنها ئەپرسم.......
- لەسەر ڕاستی بڕیارەکەم کەلاتی جێدەهێڵم؟ ئەتوانی ئارام بیتەوە ودڵنیابیتەوە، ئەگەر دڵنیا نەبومایە لەماوەی چوار ڕۆژدا دەیگەڕێنمەوە هەرگیز دام نەئەنا، ئێستا گرەنتییەکە بەس ئەبێت؟
- بەسە وسەر بەزیادیشە.
- بەڕێز "هۆڵدەر" ئەبێ درك بەوەبکەی بە دانانی ئەم تاجە بەڵگەیەکی بەهێزی متمانەکردنم بەتۆ دەرەخەم، ئەو متمانەش لەسەر ئەوەی لەسەر تۆبیستوومە سەرچاوە دەگرێ، تەنها پشتت پێنابەستم لەسەر ئەوەی بەبێدەنگی ئەم بابەتە بهێڵیتەوەو لای کەس نەیدرکێنی بەڵکو



بەڵکـو هەمـوو ڕێکـارێکی پاراسـتن بگـریتە بەر بۆپاراسـتنی تـاجەکە، پێویسـت ناکـات پێـت بڵـێم ئەگەر هەر زیـانێکی بەر بکەوێـت چ ئـاژاوەیەك ڕوودەدات؛ چەنێـــك لەدەســـتدانی کارەســـات دەنێـتەوە زیـان بەر کەوتنـیش بەهەمـان شـێوەیە، بەهەر حـــاڵ بەخەیـــاڵی ئاســـوودە ودڵنیـــاییەوە لەلاتـی جێـدەهێڵم، دووشـەمەی داهـاتوو خـۆم دێـم بۆی.

کاتێـك بریکـارەکەم خەریکبـوو دەڕۆشـت بەبـانکم گـوت بڕەپارەکەی بۆبێنن.

کاتێـك ئـاوڕم دایەوە وجانتـاکەم لەسـەر مێـزەکە بینـی بـێجگە لەتـرس وئەوبەرپرسـیارێتییە مەترسـییەی خستومەتە سـەر خـۆم هەسـتم بەهـیچ نەدەکـرد، ئەگەر هەر شـتێکی خـراپ بەسـەر ئەوگەنجینـەدا بێـت گومـانم لەوەنیـــیە کەئـــاژاوەییەکی چ مەترســـیدار ڕوودەدا، تەنـــانەت پەشـــیمان بـــووم لەوەی ڕازی بـــووم بەوبەرپرسـیارێتییە، بەڵام درەنـگ بـوو ئەوەی ڕوویـدا ڕوویـدا، گەنجیـنەکەم داخسـت ودووبـارە گەڕامەوە بۆسەر کارەکەم.

کـاتێ ئێـوارە داهـات گـوتم بێئەقڵیـیە گەنجینەیەکـی گرانبەهـای لەوشـێوەیە لەنوسـینگەکەم بەجێبهـێڵم وبـڕۆم، گەنجینەکـانێ بانـك پێشـتر تـاڵان کـراوە دوور نیـیە شـتێکی لەوشـێوەیەش بەسـەر ئەوەی منـدابێت، بڕیـارم دا لەسـێ ڕۆژی داهـاتوودا لەکـاتی چـوون

وهـــاتنم دا لەگەڵمـــدا بێـــت، بەوشـــێوەیە هەرگیـــز لـــێم دوورنییە.

داوای گالیســـکەیەکم کـــردوو ڕۆشـــتم بـــۆ مـــاڵەکەم لە ستریتهام وتـــاجە گـــران بەهاکەشـــم پێبـــوو، بەڵام ئاســـوودە نەبـــووم هەتـــاوەکو ڕۆشـــتمە نهـــۆمی سەرەوەو لەژووری جلوبەرگەکەمدا هەڵم گرت.

ئێســـتاش بەڕێـــز "هـــۆڵمز" تاکەکـــانی خێزانەکەمـــت پێدەناسـێنم بـۆئەوەی هەمـوو شـتێك لات ڕوون بێـت؛ مەیـــــتەر وخزمەتکـــــارە تـــــایبەتەکەم لەدەرەوەی ماڵەکەمـــدان بـــۆیە دەتـــوانین ئەوان دوور بخەیـــنەوە، لەماڵەوەشـــدا ســـێ خزمەتکـــارم هەیە بۆچەنـــدین ســـاڵە پـێکەوەین وگومـانم لەدڵسـۆزییان نیـیە، خزمەتکـارێکی دیکەشـــمان هەیە نـــاوی "لوســـییە" تەنهـــا چەنـــد مـــانگێکە لامـــانە، بەڕاسـپاردەییەکی زۆر بـــاش هـــاتووە وتەواو لێـــی ڕازیـــم، بەڵام کچێکـــی جـــوانە وســـەرنجی هەمـــوو پیاوێـــك ڕادەکێشـــێ کەدەیبینـــێ، تـــاکە خـــاڵی ئـــێمەیە لەســـەری بەڵام پێمـــان وایە لەهەمـــوو لایەکەوە کچێکی زۆر باشە.

خێزانەکەشـــم ئەوەنـــدە بچـــوکە کـــاتێکی زۆر نـــابەم لەباسـکردنیان، خـۆم بێهـاوژینم وکـوڕە تاقـانەکەم نـاوی "ئـارثەرە"، سـەرچاوەی بـێ هیـوایە بەڕێـز هـۆڵمز، بـێ هیـوایەکی گەورە، بێگومـان لـۆمەکە ئەخـرێتە ئۆبـاڵی مـــن؛ خەڵکـــی دەڵـــێن مـــن وام لێکـــردووە، خـــۆزگە ڕاسـتیش بـوایە، کاتێـك ژنە ئـازیزەکەم کـۆچی دوایـی

کـــرد پـــێم وابـــوو هـــیچ کەســـێك نەمـــاوەتەوە بـــۆئەوەی خۆشەویســـــتی خـــــۆمی پێبـــــدەم، تەنـــــانەت بەرگەی ونبـــوونی ڕووخســـاریم نەدەگـــرت، هـــیچ شـــتێکیم ڕەتنەدەکـــردەوە، لەوەیە واباشـــتر بـــوایە کەمێـــك تونـــد بومـــایە بەڵام بـــێجگە لەچـــاکە مەبەســـتم هیچـــی ترنەبووە.

نەمـــدەتوانی پـــارەی زۆری پێبـــدەم، کاتێـــك تەمەنـــی گەنجتـــر بـــوو بـــوبە ئەنـــدامی یەکێـــك لە یانەکـــانی ئەرســـــــتۆقراتی، لەویَ بەهـــــــۆی ســـــــەرنج ڕاکێشـــێکەیەوەو بەســـتنی هـــاوڕێیەتی لەگەڵ چەنـــد پیـــاوێکی دەوڵەمەنـــد، فێـــری یـــاری کـــارت بـــوو زۆر یـــاری دەکـــرد وپـــارەیەکی زۆری خەرج دەکـــرد لەپێشـــبڕکێیەکاندا، دووبـــارەو دووبـــارە دەهـــاتوو دەپـــاڕاییەوە بـــۆئەوەی ســـولفەی پێبـــدەم بـــۆدانەوەی قەرزەکـــانی؛ زیـــاد لەچەنـــد جارێـــك هەوڵـــی دا لەو کـــــۆمەڵەیە دوور بکەوێـــــتەوە، بەڵام کـــــاریگەری ســـێر"جۆرج بیرنوێـــڵ" بەس بـــوو بـــۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆیاریکردن.

لەڕاســـتیدا توانـــای ســـێر جـــۆرج لەکـــاریگەری بەســـەرییەوە ســـەری نەســـوڕماندم هەتـــاوەکو چەنـــد جارێـــك هێنـــای بۆمـــاڵەوە بەزۆر خـــۆمم گرتبـــوو بەرامـــبەر کەســـاییەتیە ســـەرنج ڕاکێشـــەکەیەوە، ســـاڵێك لە"ئـــارثەر" گەورەتـــرە، پیـــاوێکی زۆر ئـــاڵۆزە ڕۆشـــتووە بۆهەمـــوو شـــوێنێکو هەمـــوو شتێکیشـــی بینیـــوە، لەگەڵ ئەوەی ڕووخســـارێکی جـــوان چـــاکی

هەیە قسـەکەرێکی باشیشـە، سـەرەڕای هەمـووی دوور لەو شـتانە کاتێـك بیـری لێـدەکەمەوە بەشـێوەیەکی بـێلایەنە سـەیری ڕووخسـاری دەکەم کەسـێك نیـیە مـرۆڤ متمـانەی پێبکـا، ڕای مـنە؛ " مـاری" کـچە بچوکەکەشـمی بینیـوە لەلێکـۆڵینەوەی کەسایەتی لەئافرەت دەچێت.

تەنهـا مـاری ماوەپێتـان بڵـێم، بـرازامە؛ پـێش پێـنج سـاڵ کاتێـك بـراکەم مـرد وبەتەنهـا بەجێـی هێشـت وەکـو کچـی خـۆم بەخێـوم کـردووە لەوکـاتەوە، گەرمـی وڕوونـاکی مـاڵەکەیە، جـوان وخۆشەویسـتە، لەگەڵ ئەوەشـدا کاروبـاری مـاڵەوا ڕادەپەڕێنـێ هەروەك ئـافرەتێکی بەسـۆزو دڵ نەرم. دەسـتە ڕاسـتی مـنە نـازانم بەبـێ ئەوچیـبکەم، بەڵام تاکەشـت کەبەگـوێی نەکـردم ڕەتکـردنەوەی هاوسـەرگیرییەکەی بـوو لەگەڵ " ئـارثەر" ی کـوڕم دووجـار داوام لێکـرد بەڵام ڕازی نەبـوو، لەگەڵ ئەوەی بەدڵسـۆزییەوە خۆشـی دەوێـت. پـێم وابێـت تـاکە کەسـە بیهێنێـتە سـەر ڕێگـای ڕاسـت وئەوهاوسـەرگیرییە ژیـانی دەگـۆڕی، بەڵام بەداخەوە درەنگ بوو........درەنگ .

بەڕێـز" هـۆڵمز" ئەنـدامەکانی خێزانەکەمـت ناسـی، ئێسـتاش بەسـەرهاتە ڕەشـەکەی خۆمـت پێـدەڵێم، لەوشـەوەدا، لەژووری وێنەکێشـان دوای نـانی ئێـوارە قاوەمـان دەخـوارد، لەبـارەی گەنجیـنە بەنـرخەکەو ئەوەی بەسـەرم هـاتووە بە" مـاری" و" ئـارثەر" م وت بەبێ ناوهێنانی بریکارەکەم.

ســـــەرەڕای ئەوەی دڵنیـــــابووم کەلوســـــی بـــــار دوای هێنـــــانی قـــــاوەکە ڕۆشـــــتبوو بەڵام ئاگـــــاداربووم لەداخســـــتنی دەرگـــــاکە، هەمـــــوو ســـــەرنجی "مـــــاری" و"ئـــارثەر" بـــۆلای تـــاجەکە بـــوو دەیانویســـت ببیبیـــنن، بەڵام پـــێم باشـــتر بـــوو وازی لێبێـــنم لەوشـــوێنەی



کەبەجێم هێشت بوو.

ئارثەر پرسی ووتی: لەکوێ داتناوە؟

وتم: لەنوسینگەکەی خۆم.

وتـــی: باشـــە بـــانزابکەین کەس لەشـــەودا هەڵنەکـــوتێتە سەرماڵەکە.

وەڵامم دایەوەو وتم: قوفڵم کردووە.

- اەەە، هەرکلیلێکـــی کـــۆن بـــۆی دەشـــێت، کاتێـــك منـــداڵ بـــووم بەکلیلـــی دۆلابە بچـــوکەکە ژوورەکەم کردەوە.

هــيچ ســەرنجم نەدايە قســەكانى چــونكە زۆربەی جــار بەوشــێوەيە قســەدەكا، بەڵام ئەوشــەوە وەدووم كەوتــو ونيشــــــانەی خۆشــــــــی وهەيەجــــــانێكی زۆر بەڕووخســارييەوە بــوو ســـەيری زەويەكەی كــردوو وتی: باوكە ئەتوانی دوو سەد جونيەم پێبدەی؟

بەتونــــدييەوە وەڵامـــم دايەوەو وتـــم: نـــا، نـــاتوانی. بەئاستێكی زۆر لەڕووی پارەوە باشبووم لەگەڵت.

وتـــی: زۆر باشـــبويت لەگەڵـــم، بەڵام ئەگەر ئەوپـــارەيەم پێنەدەی جارێكی ديكە ناتوانم بڕۆمەوە بۆيانە.

دەنگم بەرزكردەوەو وتم: چ باشتر.

- بەڵـــێ،بەڵام نـــاتوانی ناچـــارم بـــكەی وازی لێبێـــنم بەرگەی ئەوشـــــــەرمەزارييە نـــــــاگرم، بەهەر ڕێگـايەك بێـت ئەبێـت ئەوپـارە پەيـدا بـكەم، ئەگەر بـــۆم دابـــين نەكەی ناچـــارم بەڕێگـــايەكی ديـــكە دابينی بكەم.

تـــــووڕەييەكی زۆر تەنگـــــی پێهەڵچنيبـــــووم چـــــونكە لەومـــانگەدا ســـێيەم جـــاری بـــوو داوای پـــارە بكـــات، هـاوارام لێبەرزبـوويەوەو وتـم: هـيچ پـارەيەك لەمـنەوە نابينی.

دواتـــر بەڕێـــزەوە چەميـــيەوە وژوورەكەی بەجێهێشـــت بەبێ ئەوەی يەك وشەبڵێ.

دوای ڕۆشـــتنی ڕۆشـــتم لەگەنجيـــنەكە دڵنيـــابيمەوە بـــزانم پـــــارێزراوە، كاتێـــــك دڵنيـــــابوومەوە پـــــارێزراوە دام

خســـتەوە، دواتـــریش گەڕێکـــم بەمـــاڵەکەدا دا تـــاوەکو دڵنیـــا ببمـەوە، ئەوەکارێـــك بـــوو کەهەمیشـــە بۆ"مـــاری" یـــم جێدەهێشـــت بەڵام پـــێم باشـــتر بـــوو ئەوجـــارە خـــۆم بـــیکەم. کاتێـــــك بەپلیکانەکانـــــدا هـــــاتمە خـــــوارەوە لەتەنیشـت پەنـجەرەی هـۆڵەکە "مـاری" یـم بینـی کاتێـك لێـی نزیـك بـووومەوە دایخسـت، هەنـدێك بێـزاری پێـوە دیـــاربوو وتـــی: بـــاوکە پـــێم بڵـــێ، ئیزنـــت بە" لوســـی" خزمەتکار داوە بڕواتە دەرەوە ئەمشەو؟

- بێگومان نەخێر.
- کەمێـــك دەبـــێ لەدەرگـــای پشـــتەوە گەڕاوەتەوە، گومـــانم لەوەنیـــیە لەوێ بـــووە تـــاوەکو چـــاوی بەکەسـێك بکەوێـت. ئەتـوارێکی ناشـرینە وئەبـێ بوەستێت.



- بەیانی قسەی لەگەڵ بکە، ئەگەر پێت باشترە من قسەی لەگەڵ دەکەم. دڵنیایی هەمووشتێك بەباشی داخراوە؟
- بەتەواوی دڵنیام باوکە.
- شەوشاد.

دواتر ماچم کردوو دووبارە ڕۆشتمەوە ژوورەکەم هەرزوو خەوێکی قوڵ بردمییەوە.

بەڕێز هۆڵمز هەوڵدەدەم هەرشتێك پەیوەندی بەدۆسییەکەوە بێت پێتی بڵێم، تکایە هەرحاڵەتێکت لاڕوون نەبوو لێمی بپرسە بۆئەوەی ڕوونی بکەمەوە بۆت.

هۆڵمز: بەڵکو زۆریش ڕوونە.

ئێستا گەشتمە ئەوبەشەی هیوادارم زۆر ڕوون بێت. خەوم قورس نییە، ئەکرێت نیگەرانیش سوکتری کردبێت، نزیکی کاتژمێر دووی بەیانی دەنگێك لەماڵەکەوە بەخەبەری هێنام، لەگەڵ ئەوەی پێش ئەوەی بەخەبەر بێم دەنگەکە نەما بەڵام هەستم دەکرد دەنگی پەنجەرەیەو بەئارامی لەشوێنێکی ماڵەکەدا دادەخرێت. زۆر بەوریایی گوێم بۆڕاگرتبوو، ترسەکەم زیاتربوو کاتێك گوێم لەدەنگی پێ بوو لەژوورەکەی تەنیشت، لەترسا دەلەرزیم لەسەر جێگەکەم دەرچووم، دواتر بەوریاییەوە لەدەرگای ژووری جلوبەرگەکەم ڕوانی، دواتر

**هــاوارم کــردوو وتــم: "ئــارثەر"، دزی پــیس! چــۆن وێرات دەست لەوتاجە بدەی؟!**



**ڕوونــاکییەکە چــۆنم جێهێشــتبوو هەروابــوو، کــوڕەکەم لەلای ڕوونــــاکییەکە تــــاجەکەی لەدەســــت بــــوو ڕاوەســـــتابوو، وادەرەکەوت کەدەیەوێـــت بەهەمـــوو هێـــزێکییەوە دەیەوێـــت شـــتێکی لێبکـــات، کاتێـــک هــاوارەکەمی بیســت لەدەســتی کەوتە خــوارەوەو کەوتە ســـــەرزەوییەکە، بەڕووە مــــردوییەکەیەوە لەمنـــــی ئەڕوانی.**

تاجەکەم هەڵگرت وسەیرم کرد بزانم هیچی لێهاتووە کاتێك زانیم لەبەشی ئاڵتونەکەی سێ زومروتی لێ ونبووە، تووڕەییم لێدەباری وهاوارمکرد ووتم: پیس، لەناوت بردوو بۆهەمیشە شەرمەزارییە بۆهێنام! خشڵە دزیوەکان لەکوێن؟

هاواری کردو ووتی: دزی؟!

شانیم گرتوو وتم: بەڵێ دز!

وتی: هیچ ون نەبووە،ناکرێ ونبوبێ.

- بەڵکو سێ زومروت ونبووە وتۆش ئەزانی لەکوێیە، ئەبێ لەگەڵ ناوی دز درۆزنیشی بۆزیادبکەم؟ تۆم بینی ئەتویست پارچەیەکی تر لەتاجەکە بکەیتەوە؟

وتی: ئەوەندەی بەس بێت ئیهانەت کردم بەرگەی لەوەزیاتر ناگرم، مادام تۆبەو شێوەیە ناوزەندم دەکەی یەك وشەی دیکە ناڵێم. سبەینێ زووتر نییە ماڵەکەت بۆجێدەهێڵم وبەتەنها ژیانی خۆم دەکەم.

لەهەمان کاتدا هەم توڕەبووم وهەم خەمباریش دایگرتبووم، هاوارم کردوو وتم: بەقۆڵبەستکراوی دەڕۆیت، بۆئەوەی بگەین بەڕاستییەکان داوای لێکۆڵینەوە دەکەم.

هەرگیز باوەڕم نەکرد ئەوەبڵێت بەکاردانەوەیەکەو وتی: هیچ شتێك لەسەر من نازانی، ئەگەر دەتەوێت

پـــۆلیس ئاگـــادار بکەیـــتەوە بـــاپۆلیس هەرچەنێـــك دەتوانن ئاشکرای بکەن.

لەوسـاتەدا هەرچــی لەمــاڵەکەدا بــوو بەخەبەر هــاتن، لەتووڕەییــدا دەنگــم بەرز ببــویەوە، " مــاری" یەکەم کەس بـــوو هـــات بـــۆژوورەکەم، هەرکە تـــاجەکەو ڕووخســـاری " ئـــارثەر" ی بینـــی تێگەشـــت چـــی ڕوویداوە، قیژاندیوو کەوت بەزەویدا.

دواتـــر یەکێـــك لەخزمەتکارەکـــانم نـــارد بەشـــوێن پۆلیسـداو هەرلەوێـدا لێکـۆڵینەوەم لەچنگیـان نـا، کاتێـك یەکێـــك لەپۆلیســـەکان ولێکۆڵەرێـــك "ئـــارثەر" یـــان بەدەســـــت بەســـــتراوی دەبـــــرد "ئـــــارثەر" ڕووی لێکردمـــوو لێمـــی پرســـی: ئـــاخۆ بەدز تۆمەتبـــاری دەکەم؟، وەڵامــم دایەوە چیتــر بــابەتێکی کەســی نیــیە بەڵکـو بـووە بەگشـتی چـونکە گەنجینەیەکـی نیشـتیمانیە ســوورم لەســەر ئەوەی دادپەروەری لەهەمــوو شــتێکدا هەبێت.

وتــی: تکـایە بەلایەنــی کەمەوە ڕێگەیـان پـێمەدە ئێسـتا قۆڵبەســـتم بـــکەن، لەبەرژەوەنـــدی منوتـــۆیە وازم لێبێننــی تەنهـا بـۆپێنج خـولەك وزیـاتر نـا ڕێـگەم پێـبەی بڕۆمەوە دەرەوە وبێمەوە.

وتـــم: ئەتەوێ وابـــکەم وڕابـــکەی، یـــان ئەوەی کەدزیوتە بیشاریتەوە؟

دوای ئەوەی درکــم بەو بــارودۆخە خــراپە کــرد کەتێــی کەوتـــووم وئەویـــش تێـــی کەوتـــووە لێـــی پـــاڕامەوە

کەبیری بێت شۆرەتی من بەتەنها تووشی مەترسی نابێت، بەڵکو شۆرەتی کەسێکی زۆر لەمن گەورەتر تووشی دەبێت، بەهۆیەوە ئاژوەیەك دروست ئەبێ هەموو نیشتیمانەکە دەهەژێنێت، وتم لەوەیە ئەم قسانە سوودی هەبێت تاپێم بڵێ چی بەسەر بەردە ونبووەکان کردووە. وتیشم: ئەبێ ڕوبەڕوی ئەوبارودۆخە بیتەوە کەتۆم تیا بینی، هیچ دانپێدانانێك ناتوانێت خراپی تاوانەکە زیاد بکات، بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانە چارەبکەی وتۆ توانای ئەوەشت هەیە هەموو شتێك لەبیر ئەکەموو لێت خۆشەبم.

وەڵامیی دامەوەو وتی: لاپەڕەکەت بۆیەکێك هەڵگرە پێویستی پێی بێت.

دواتر سووڕایەوە و وردە وردە لێم دووردەکەوتەوە،کاتێك بینیم کەلەی ڕەقەو هیچ قسەیەکم کاری لێناکا بێجگە لەیەك ڕێگا هیچ شتێکم لەبەردەم نەما، لێکۆڵەرەوەکەم بانگکردوو هەموو شتێکم ڕادەست کرد، ئەو ومالّەکەش هەرشوێنێك بتوانرێت بەردەکانی تێدا بشاردرێتەوە گەڕان، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی نەبوو، هەرچەند هەوڵمان دا کوڕەکەم تەنانەت وشەیەکیش چییە نەیووت.

ئەم بەیانییە بۆیەکێك لەزیندانییەکان گوازرایەوە، دوای تەواوبوونی کاروباری ڕەسمی ڕاستەوخۆ هاتم بۆلای تۆ تاتواناکانت وەگەڕ خەی

بۆچارەسەرکردنی، لێکۆڵەرەکە دانی بەوەدانا لەئێستادا هیچی لەدەست نایە بۆدۆسییەکە.

هەرچەنت بوێت ئەتوانی خەرجی بکەی، پاداشتێکم بەبڕی هەزار جونیە داناوە. خوایە، ئەبێ چیبکەم؟ کوڕەکەشم وحشڵەکانیشم لەیەك شەودا لەدەست چوو! ااەەەەە، چی بکەم؟

دواتر دەستی لەلایەکی سەری ناو خۆی بۆپێشەوەو دواوە دەبرد و وەکومندالێك نوزە نوزی دەکرد. شێرلۆکیش بۆچەند خولەکێك بەبێدەنگی دانیشتبوو برۆکانی گرژ کردبوو چاویشی لەئاگرەکە بڕی بوو، دواتر پرسی ووتی: میوانی زۆرتان دێت؟

- بێجگە لەهاوبەشەکەم وخێزانەکەی کەسی دیکە نا، ناوبەناو چەند هاورێیەکی " ئارثەر" یش، لەم کۆتایانەشدا سێر" جۆرج بیرنوێڵ" چەند جارێك سەردانی کردووین، ئیتر کەسی دیکە نییە پێم وابێت.
- زۆر دەچن بۆبۆنە کۆمەڵایەتییەکان؟
- "ئارثەر" دەڕوا، من و"ماری" لەماڵ دەمێنینەوە؛ هەردووکمان بەلامانەوە گرنگ نییە.
- شتێکی نائاساییە بۆکچێکی گەنج.
- سروشتێکی ئارامی هەیە، زۆر منالێش نییە، لەتەمەنی بیست وچوار ساڵیدایە.

- وەکو ئەوەی وتت شۆکێکی گەورە بووە ڕووداوەکە بۆی.
- کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەری، بۆخۆشم وابوو.
- هیچ کامتان گومانتان نەبوو لەتاوانباری کوڕەکەتان؟
- چۆن نەتوانین کاتێك تاجەکەم لەدەستیدا بینی؟!
- بەبەڵگەیەکی قەتمی نابینم. هیچ زیانێك بەر تاجەکە ماوەکە کەوتووە؟
- بەڵێ، کەوتووە.
- پێت وانییە ویستبێتی پۆلێنی بکات؟
- خودا بت پارێزێ! تۆ تەواوی هەوڵی خۆت دەدەی لەسەر من وئەوی سووك بکەی، بەڵام کارێکی قورسە، بەهەرحاڵ چییەکرد لەوژوورە؟ ئەگەر نیەتی باشبوبێت بۆچی هەواڵی نەداوە لەسەری؟
- بەتەواوی، ئەگەر تاوانبار بوبێت بۆچی درۆییەکی دروست نەکردووە؟ وادەرەکەوێ بێدەنگییەکی سەر بۆدووشت دەکێشێ. چەند خاڵێك لەسەر دۆسییەکە ئەدەم. ڕای پۆلیس لەسەر ئەو دەنگەی بەخەبەری هێنای چیبوو؟
- ڕوونیان کردەوە بەوەی دەنگی دەرگای ژووری نوستنەکەی " ئارثەر" بووە دایخستووە.
- ڕوونکردنەوەیەکی لاوازە، وەکو ئەوەی دەیەوێت تاوانێك بەئەنجام بگەیەنێت دەرگاکە

بەتونـدی دائەخـا بـۆئەوەی هەمـوو مـاڵەکە بەئاگـا بێنێتەوە! ئەی لەسەر ونبوونی خشڵەکان؟
- هێشتا دەگەڕێن بەهیوای دۆزینەوەی.
- بیریـــان لەوە کــــردۆتەوە دەرەوەی مـــاڵەکە بگەڕێن؟
- بەڵـــێ، هەموبـــاخچەکە گەڕان گەڕانێکـــی وردیش.

هــۆڵمز وتـــی: ئێســـتا گەورەم ڕوون نیـــیە بــۆت ئەم بـابەتە زۆر لەوە زیـاتر هەڵەگرێـت لەوەی تـۆ وپـۆلیس بـۆی دەڕۆن؟ بۆتـۆ وادەرەکەوێ دۆسـییەکی سـادەبێت بەڵام بـۆمن پـێچەوانەیە وزۆر ئـاڵۆزە. ئەگەر سـەیری ڕاکەی خـۆت بـکەی دەبینـی تۆپێـت وایە کـوڕەکەت لەسـەر جێگـاکەی هەسـتاوە وسـێ لەزومروتەکـانی کـــردۆتەوە ودواتـــر لەژوورەکە ڕۆشـــتووە وشـــاردییەتییەوە دواتـــریش خـــۆی خســـتۆتە مەترسـییەوە وهـاتۆتەوە بـۆ ژوورەکە وخـۆی ئاشـکرا کردووە.

ئێســـتا لەتـــۆ ئەپرســـم گەورەم: خـــۆت ڕاییەکـــی وا لەهەمبەر ڕووداوێکی وادا قبوڵ دەکەی؟

بـانکییەکە بەنائومێـدییەوە هـاواری لـێ بەرزبـویەوەو وتـی: ئەی جێگـرەوە چیـیە؟ بـۆچی وائەکـات ئەگەر بێتاوانە؟

هـۆڵمز وەڵامـــی دایەوەو وتـــی: ئێشـــی ئـــێمەش ئەوەیە، ئێســـتاش پـــێکەوە بۆســـتریتهایم دەڕۆیـــن وکاتژمێرێـــك لەنزیکەوە لێکۆڵینەوەی لێ دەکەین.

*　　*　　*

هــاوڕێکەم ســوور بــوو لەســەرئەوەی لەگەڵــی بــڕۆم بۆئەوگەشــتە، منــیش تــامەزرۆ بــووم بــۆئەوەی بــڕۆم دۆســییەکە ئەوەنە ســەرنج ڕاکــێش بــوو فزوڵــی گرتمــی بۆئەوەی بزانم چی بەسەرادێت.

هەروەك خەمـــی بـــاوکەکە چـــۆن ڕوون بـــوو بەلامەوە تـــاوانی کـــوڕەکەش بەهەمـــان شـــێوە، بەڵام ســـەڕەڕای ئەوەش متمـــانەم بەهـــۆڵمز هەبـــوو مـــادام ئەو بەدڵـــی نەبوو وهاوڕانەبوو دیارە هیوایەك هەیە.

بەدرێژایـــی ڕێگـــای باشـــووری شـــارەکە شـــێرلۆك بێـــدەنگی هەڵبژاردبـــوو، دانیشـــتبوو ملـــی شـــۆڕکردبووە هەتـــا ســـنگی کڵاوەکەشـــی هێنـــابووە ســـەرچاوی وپێـــی داپۆشـــیبوو ڕۆشـــتبووە قـــوڵایی بیرکـــردنەوە ونقـــوم ببوو.

بریکارەکەشـــمان بەوهیـــوا ســـادەییەی" شـــێرلۆك" پێـــی دابـــوو تـــازە ببـــووە وە، تەنـــانەت لەگەڵمـــدا لەبـــارەی کارەکەیەوە دەدوا.

دوای گەشتێکی کورت بەشەمەندەفەر گەشتین دواتر بەپیادە بۆ"فیربانك"، شوێنی مانەوەی شارەزا گەورەکەی دارایی بوو. "فیربانك" ماڵێکی شێوە چوارگۆشەی بوو کەلەبەردی سپی دروستکرابوو کەمێك لەڕێگاکە دوور بوو، ڕێگایەکی دوانی بۆگالیسکەکان لێیە هەر ڕیزێکی بەبەفر داپۆشراوە؛ درێژە ئەکێشی هەتا دەگاتە دوو دەرگای ئاسنین کەچونەژوورەرەوە دادەخا، لەلای ڕاستەوە ڕاڕەوێکی تەسکی لێیە لەشەقامەکە وەدرێژ دەبێتەوە هەتا دوو سیاجەکە بەرەو دەرگای چێشتخانەکە نموونەی دەرگای فرۆشیارەکانە، لەلای چەپیشەوە شەقامە تەسکەکە بەرەو تەوێڵەی ئەسپەکان سەردەکێشێ، لەسنووری باخچەکە ڕێگایەکی گشتییە بەدەگمەن نەبێ بەکار ناهێنرێت.

لەپەنای دەرگاکە بووین هۆڵمز جێی هێشتین ودەورو خولێکی ماڵەکەی بەتەواوی دا، لەڕاڕەوی چونە ژورەوەوە هەتا ڕاڕەوی فرۆشەکە، دواتریش بەرەو باخچەی پشتەوە هەتا دەگاتە شەقامە تەسکەکە ودواتریش بەرەو تەوێڵەکە. خولانەوەکەی تەوابوو، کاتێکی زۆری پێچوو، من وبەڕێز" هۆڵدەر" لەبەردەم ئاگردانەکە لەژووری میوان چاوەڕێمان دەکرد هەتاوەکو گەڕایەوە. بەبێدەنگی دانیشتبووین هەتاوەکو ئەوکاتەی خانمێکی گەنج خۆی بەژووردا کرد، بالای مام ناوەندبوو؛ جەستەیەکی لاوازی هەبوو ڕووخساریشی زەرد هەڵگەڕابوو چاو

پرچەکـــانی وەك شـــەو وابـــوون، پـــێم وانـــیە پێشـــتر ڕووخســـــارێکی وامـــــردووانەم وەک ئەم ئـــــافرەتە بینیبێـــت. لێوەکـــانی پـــڕ ڕەنـــگ بـــوون، چاوەکـــانی لەتاوگریـــان ســـوور هەڵگەڕابـــوون، لە بـــانکییەکە زیـــاتر کاریگەری لەسەر بەجێ هێشتم.

بەئەســـپایی بەژوورەکەدا هـــات، دیـــاربوو بەهێـــزەو کەســـایەتیەکی بەهێـــزی هەیە وئـــافرەتێکە توانـــای کـــۆنترۆڵکردنی خـــۆی هەیە. بـــێ گرنگـــی دان بەبـــوونی مـــن ڕاســـتەوخۆ بەرەو مـــامی ڕۆشـــت، بەشـــێوازێکی ئافرەتـــانە دەســـتی بەســـەر مامیـــدا هێنـــا، دواتـــر پرســـی ووتی: فەرمانت بەئازادکردنی "ئارثەر" دا وایە؟



- نـــا، نـــا، کـــچەکەم لێکۆڵینەوەکـــان بەردەوامە هەتـــا دەگەینە ئەنجام.

- بەڵام دڵنیـــــام بێتـــــاوانە، تـــــۆش ئەزانـــــی نەژادی ئـافرەت چـۆنە، ئەزانـم هـیچ شـتێکی زیـان بەخشـی نەکـــــردووە تـــــۆش لەم ڕەفتـــــارانەت پەشـــــیمان دەبیتەوە.
- کەوایە ئەگەر بێتاوانە بۆچی بیدەنگە؟
- کــێ ئەزانـــێ؟ لەوەیە بەهـــۆی گومانەکـــانی تـــۆوە توڕەبێت.
- چـــۆن گومـــانم لێـــی نەبـــێ کـــاتێ تـــاجەکەم بەدەستیەوە بینی؟
- بەڵــێ،بەڵام هەڵــی گرتۆتــوە بـۆئەوەی لێـی بڕوانــێ. تکـایە تکـایە متمـانە بەوەبـکە کەپێتـی دەڵـێم، واز لەدۆســـییەکە بێـــنەو وەدوی مەڕۆ؛ زۆر ناخۆشـــە هەرخـۆت وێـنەی "ئـارثەر" بهێـنە پـێش چـاوت لەزیندان.
- هەتـا خشـڵەکان نەدۆزیـنەوە واز نـاهێنم، هەرگیـز " مـــاری" هەســـتەکانت لەبەرامـــبەر " ئـــارثەر" لەبنینـــی ئەوشـــۆرەتە خـــراپەی دێـــتە ســـەرم کوێربـــووە. لە لەنـــدەنەوە بەڕێـــزێکم هێنـــاوە بۆدۆســـــییەکە بەشـــــێوەیەکی وردتـــــر لێـــــی دەکۆڵێتەوە.

ئـــاوڕی دایەوەو ســـەیری منـــی کـــرد وپرســـی: ئەم بەڕێزە؟

- نـــا، بەڵکـــو هـــاوڕێکەی، بەڵام داوای لێکـــردین بەتەنهـا بەجێـی بهێڵـین، ئێسـتا لەسـەر ڕێگـاکەیە بەرەو تەوێڵەکە.

بـرۆ تاریکەکـانی بەرز کـردەوەو وتــی: تەوێـڵەکە؟ چیـیە دۆزێتەوە لەوێ؟! پێم وابێت وادێت.

کاتێـك هـۆڵمز نزیـك بـویەوەو وتــی: گەورەم پشـتت پــێ دەبەسـتم لەسـەلماندنی بێتـاوانی ئـامۆزاکەم لەم تـاوانە، دڵنیام لێی.

هـــۆڵمز وەڵامـــی دایەوە ووتـــی: هـــاوڕام لەگەڵـــت، دڵنیابە بەیارمەتی تۆ دەتوانم بیسەلمێنم.

دواتـــر گەڕایەوە وئەوبەفـــرەی لەســـەر پێڵاوەکـــانی کۆببـــووەوە ســـڕی، وتـــی: شـــەرەفمەند ئەبـــم بەگفتوگـۆکردن لەگەڵ خـاتو "مـاری" ڕێـگەم پێـدەدەی یەك دوو پرسیارت لێ بکەم؟

- تکـــایە گەورەم ئەگەر یـــارمەتی دەردەبێـــت لەچارەسەرکردنی ئەم دۆسییەدا.
- دوێنێ شەو هیچت نەبیست؟
- هەتـا مـامم دەنگـی بەرز نەکـردەوە هـیچم نەبیسـت، هەر لەگەڵ هاوارەکەی یەکسەر ڕامکرد.
- شەوی پێشتر دەرگا وپەنجەرەکەت داخست؟
- بەڵێ.
- بەیانییەکەشی هەمووی داخرابوو؟
- بەڵێ.
- پـــێم وابـــێ خزمەتکارەکەتـــان هـــاوڕێیەکی هەیە، بیـــرمە بەمامـــت وتـــووە دوێنـــێ شـــەو ڕۆشـــتووە بۆبینینی وایە؟

- بەڵـــێ، هەر ئەوخزمەتكــارەیە ئەوشـــەوە خزمەتـــی كــردین ئەكرێــت گوێبیســتی قســەكانی مــامم بوبێــت لەسەر تاجەكە.
- تێگەشــتم، تۆئامــاژە بەوەكەی ئەكرێــت ڕۆشــتبێت بەهــاوڕێكەی وتبێــت، دواتــر پــێكەوە دزییەكەیــان كردبێت؟
- بــانكییەكە هــاواری لـــێ بەرزبـــویەوەو وتـــی: سـودی هەمـوو قسـانە چیـیە، پـێم وتیـت "ئـارثەر" م بەتاجەكەو بینیوە؟
- بەڕێــز "هۆڵــدەر" كەمێــك چــاوەڕێ بــكە دواتــر دەگەڕێیـــنەوە لای تـــۆش. لەبـــارەی ئەوكـــچەوە خــاتوو" هۆڵــدەر"، پـێم وابـێ تۆبینیـوتە لەدەرگــای پشتەوە لەدەرگای چێشتخانەكەوە گەڕاوەتەوە؟
- بەڵـــێ، كاتێـــك ڕۆشـــتم بـــۆئەوەی دڵنیـــا بـــبمەوە لەوەی دەرگــاكە داخــراوە بینــیم بەدزیــیەوە دێــتە ژورەوە، پیاوێكیشم لەتاریكیەكەدا بینی؟
- ئەیناسی؟
- بەڵـــــێ، ئەوكـــــوڕەیە ســـــەوزەواتمان بۆدێنێـــــت، ناوی"فرانسیز بروسیرە".
- لەلای چەپـی دەرگــاكە وەسـتابوو؟ بەمانــایەكی تــر، لەڕاڕەواكە زۆر هاتە پێشەوە تابگاتە دەرگاكە؟
- بەڵێ، وای كرد.
- قاچێكی دارینی هەیە؟

تـــرس لەچـــاوی خـــانمە گەنـــجەكە دەرەكەوت، وتـــی: چەن سەیرە، وەكو جادوگەر وایت.چۆن زانیت؟!

دواتـــر پێکەنـــی، بەڵام لەڕووخســـاری هـــۆڵمز هـــیچ پێکەنینێکـــــی بەرامـــــبەرانە دەرنەکەوت، وتـــــی: دڵخۆشـــەبم بـــڕۆمە نهـــۆمی ســـەرەوە، حەزیشـــەکەم جارێکی تر دەرەوەی ماڵەکە بپشکنم، بەڵام



باشـــترە پـــێش ئەوەی بـــڕۆمە نهـــۆمی ســـەرەوە چاوێـــك لەپەنجەرەکانی خوارەوە بکەم.

لەم پەنـــجەرە بـــۆئەو پەنـــجەرە دەڕۆشـــت، لەپەنـــای ئەوپەنـــــجەرە وەســـــتا کەڕاســـــتەوخۆ لەتەوێـــــڵەکەی ئەڕوانـــی، کـــردییەوە ولێـــواری پەنـــجەرەکەی بەوردی

بەزەڕەبیــــنەکەی دەپشــــکنی، لەکۆتاییــدا وتـــی: بائێســـتا بـــــڕۆین بۆنهـــــۆمی ســـــــەرەوە، ژووری جلـــــوبەرگی بـــانکییەکە بچووکـــو کەم کەرەســـــتە بـــوو، بـــێجگە لەنوســـــــینگەکەیو فەرشــــــێکی خوڵەمێشــــــی لەگەڵ ئـاوێنەیەکی درێـژ هیچـی تـری لێنەبـوو. سـەرەتا هـۆڵمز بۆنوســینگەکە ڕۆشــتوو قــوفڵەکەی بەباشـــی پشــکنی، پرسی: بەچ کلیلێك کردتەوە؟

- بەوکلـــیلەی کـــوڕەکەم ئامـــاژەی پێکردبـــوو کلیلـــی دۆلابی ژووری گەنجینەکەیە.
- پێتە؟
- لەوێیە لەسەر مێزی ڕاڕەوەکە.
- شـــێرلۆك بردیـــوو نوســـینگەکەی کـــردەوە، وتـــی: قـــوفڵێکی بێـــدەنگە، کەواتە ســـەیر نیـــیە بەخەبەری نەهێناوی.
- پێم وابێ ئەمە جانتاکەیە کەتاجەکەی تیایە؟

ئەبێ چاوێکی لێبکەم.

دواتـــــــر جانتـــــــاکەی کـــــــــردەوەو تـــــــــاجەکەی لەســــەرمێزەکەدانا، تـــاجەکە نمـــوونەیەکی نـــاوازە بـــوو بـــۆ هـــونەری دروســـتکەرەکە، ســـی وشـــەش بەردەکە نـــاوازەترین بـــوو. لایەکـــی شـــکابوو، هەمـــان ئەولایە بوو کەسێ زومروتەکەی لێکرابووەوە.

هـۆڵمز وتـــی: ئێســـتا بەڕێـــز هۆڵـــدەر، بەداخەوەم ئەبـــێ ئێستا داوای ئەوەت لێبکەم کەلایەکی تری بشکێنی؟

بـــانكييەكە بەئەبڵەقيـــيەوە ڕۆشـــتە دواوە ووتـــی: تەنانەت بوێری ئەوەشم نييە هەوڵ بدەم.

- کەواتە من هەوڵەدەم.

هـۆڵمز هەمـوو هێزێکـی خـۆی لەسـەر تـاجەکە نـابەڵام بـێ سـوود بـوو، وتـی: پـێم وابـێ کەمێـك شـلم کـردووە، هەرچەنـــدە پەنجەکـــانم بەهێـــزن بەڵام کـــاتێکی زۆرەبـــا تابیشـــکێنم، کەســـێکی ئاســـایی هەرگیـــز ناتوانێـــت ئەوکـــارە بکـــا. ئێســـتا بەڕێـــز هۆڵـــدەر، چییەبـــێ ئەگەر بیشـــکێنم بەڕای تـــۆ دەنگێکـــی هاوشـــێوەی گولـــلە دەرناکات؟

ئەتەوێ قـــــايیلم کەی بەوەی ئەو هەمـــــوو ڕووداوە چەند مەترێك دووربووە؟ بەبێ ئەوەی هیچ ببیستی؟

- پەشۆکاوم، هەموو شتێك شاراوەیە بەڵام...
- لەگەڵ لێکۆڵینەوەکـــــــان شـــــــاراوەییەکان کەمەبێتەوە. ڕات چییە خاتوو "هۆڵدەر"؟
- لەگەڵ مامم، پەشۆکاوم .
- کوڕەکەت پێڵاو هیچی لەپێ بوو؟
- بـــێجگە لەقەمـــیس وپـــانتۆڵ هیچـــی تـــری لەبەر نەبوو.
- ســـــوپاس، بەخـــــت یاوەرمـــــان ئەبێـــــت لە لێکـــــۆڵینەوەیە، هەڵەی ئـــــێمە ئەبـــــێ ئەگەرلەلێکۆڵینەوەکـــان ســـەرنەکەوتین. لەســـەر ئیزنـــت بەڕێـــز "هۆڵـــدەر"، پشـــکنینەکانم لەدەرەوە درێژە پێدەدەم.

هۆڵمز لەسەر داوای خۆی بەتەنها ڕۆشت، ڕوونی کردەوە شوێن پێی زیادە سەری لێ تێك دەدات وکارەکەی لەسەر گران دەبێ. بۆماوەی کاتژمێرێك زیاتر هەر خەریك بوو، دواتر بەقاچێکی بەفراوییەوە گەڕایەوە وڕووخساریشی وەك هەمیشە، وتی: بەڕێز هۆڵدەر، پێم وابێ هەموو شتێکم بینی، زۆر سوودت پێدەگەیەنم بگەڕێمەوە بۆماڵەکەم.

- ئەی خشڵەکان بەڕێز هۆڵمز؟ لەکوێیە؟
- نازانم.
- بانکییەکە دەستەکانی ڕاوەشاندوو هاواری کردوو وتی: جارێکی دیکە نایبینمەوە؟ ئەی کوڕەکەم؟ هیوات پێ بەخشیم!
- ڕام هیچ نەگۆڕاوە.
- بۆخاتری خوا!! دوێنی شەو چی بەسەر ماڵەکەمدا هاتووە؟
- ئەگەر بتوانی سبەینێ بەیانی کاتژمێر نۆ بۆدەی بەیانی تەشریف بێنی بۆشەقامی بەیکەر زیاتر بۆت ڕوونەدەکەمەوە، وەکو ئەوەی تێگەشتبم تەواو ڕێگەم پێدەدەی لەبری تۆ ڕەفتار بکەم، تاخشڵەکان دەدۆزینەوە،لەگەڵ بێ سنووری خەرجییەکان.
- ئامادەم تەنازولی سامانەکەم بکەم لەپێناو خشڵەکان.

- نایابە، هەرلەئێستاوە لێکۆڵینەوەی لەسەرەکەم ، هەتاوەکو ئەوکاتە ماڵئاوا، بەڵام ناچارم بگەڕێمەوە ماڵەوە.

ڕوون بوو لام هاوڕێکەم ڕاییەکی لەسەر دۆسییەکە هەیە، بەڵام من نەمەتوانی تەنانەت پێشبینیەکی بچوکیش چییە لەسەر دۆسییەکە بکەم. چەند جارێك بەدرێژایی ڕێگا هەوڵم داباسەکە بکەمەوە بەڵام هەڵی دەدایە قسەکانم و دەچووە سەر بابەتێکی دیکە.

پێش کاتژمێر سێ گەشتینەوە ماڵەوە، هەرکە گەشتین "شێرلۆك" بەخێرایی ڕۆشتە نهۆمی سەرەوە ودوای چەند خولەکێك بەجلێکی دەرۆزەکەریەوە هاتە خوارەوە بەتەواوی خۆی گۆڕیبووە سەر شێوەی ئەوان، بەیەخە بەرزەکانییەوە وجلوپێڵاوە پیسو شڕەکانییەوە نموونەیەکی تەواوی ئەوان بوو.

بەدەم سەیرکردنی ئەوئاوێنەی لەسەرەوەی ئاگردانەکە بوو وتی: پێموابێ سوود بەخشەبێ، هیواداربووم بتوانیبایە لەگەڵم بێیت" واطسۆن" بەڵام واهەستەکەم بێ سوودە هاتنت. ئەکرێت لەسەر ڕێگایەکی ڕاست بم بۆئەم دۆسیەیە ئەکرێت ئەوەشی بەدوادا دەگەڕێم زێراب بێت، ئەوەش ئەوشتەیە بەم زووانە بۆم دەرەکەوێت. هیوادارم دوای چەند کاتژمێرێك بگەڕێمەوە.

دواتــر پــارچەیەك گۆشــت کەلەســەر مێــزەکەی تەنیشــت بــوو لێکــردەوەو لەدووتــوێی نــانێکی کــردوو لە گیرفــانی نا، دوای ئەوژەمە سەرەتاییە بۆگەشتەکەی دەرچوو.



تــازە لەخــواردنی چــا تەواو ببــووم کاتێــك ڕوانــیم هــۆڵمز خــۆی وە ژوورەوە نــا ڕوون بــوو زۆر دڵخــۆش بــوو، لەدەســتیدا پێڵاوێکــی کــون کــون کەلاکــانی لاســتیکی خــۆڵەمێش بــوون هــاوردو بــردەی پێــدەکرد کوپێــك چــای

بۆخـــۆی هێنـــا، وتـــی: تەنهـــا بەئێـــرەدا تێـــپەڕیم زۆر نامێنمەوە دووبارە دەبێ بڕۆم.

- بۆکوێ؟
- بـــۆلایەکی تـــری ڕۆژئـــاوا. کەمێـــك وەدرەنـــگ دەکەوم، خۆت لەچاوەڕوانێ مندا مەهێڵەوە.
- لێکۆڵینەوەکەت چۆن دەڕوا؟
- خـــراپ، بەباشـــی نـــاڕوات، بەڵام لەهـــیچ شـــتێك گازنـــــدەم نیـــــیە. ڕۆشـــــتم بۆســـــتریتهام بەڵام نەڕۆشـــتمە ژورەوە، کێشـــەیەکی ســـادەو ســـاکارە لەچنگـــــی خـــــۆمم نەدەدا بەهەر نرخێـــك بـــوایە. بەهەرحـــاڵ نـــابێ لێـــرە دانیشـــموو فرەوێـــژی بـــکەم، بەڵکـــو ئەبـــێ ئەم جـــلانە دابکەنمـــوو بگەڕێـــمەوە قەبارە ڕاستییەکی خۆم.

تـــوانیم لەڕەفتارەکـــانی بـــگەم هۆکـــاری بەهێـــزی هەیە بۆقســـەکانی، چاوەکـــانی دەدرەوشـــانەوە وڕومەتەکـــانی کەمێـــك ســـوور ببـــونەوە. هـــۆڵمز بەخێرایـــی بۆنهـــۆمی ســـەرەوە ڕۆشـــت، دوای چەنـــد خولەکێـــك گـــوێم لەدەنگـــی دەرگـــای هـــۆڵەکە بـــوو زانـــیم ڕۆشـــتووە بـــۆڕاوکردنی کەسە دڵخوازەکەی.

هەتـــــاوەکو نیـــــوەی شـــــەو چـــــاوەڕێم کـــــرد، هـــــیچ ئامـــاژەیەکی هـــاتنەوەی نەبـــوو ملـــم نـــا بەرەو ژوورەکە بەڕێ کەوتـــم، نائاســـــایی نەبـــــوو بەلامەوە ئەوەنـــــدە درەنگ بکەوێت، بۆیە هیچ سەرسام نەبووم.

نەشـــم زانـــی کەی گەڕایەوە، بەڵام کاتێـــك ســـەر لەبەیـــانی ڕۆشـــتم نـــانی بەیـــانی بخـــۆم بەوپەڕی کەشـــخەییەوە چـــاوم پێـــی کەوت لەدەســـتێکی کوپێـــك قاوە ولەدەستەکەی کەشی ڕۆژنامەی هەڵگرتبوو.

وتـی: بـم بەخشـە پـێش تـۆ دەسـتم بەنـان خـواردن کـرد "واطسۆن"، بەڵام بریکارەکەمان دێت.

وەڵامـم دایەوەو وتـم: سـەیرە! کـاتژمێر نـۆ لایـداوە، سەرسـام نـابم ئەگەر ئێسـتا ئەوبێـت کەهـاتووە، گـوێم لەدەنگی زەنگۆڵەکەوە بوو.

بەڕاسـتی ئەو بـوو دێـت، تۆقـام بەو گۆڕانکارییـانەی بەسـەردیدا هـاتبوو، ڕووخسـارە پـانەکەی لاوازببـوو وقژیشـــی کەمێـــك درێـــژ ببـــوو! بەڕووخســـارێکی خەماوییەوە هاتە ژوورەوە.

لەسـەر ئەوکورسـییەی بـۆم دانـا دانیشـت، وتـی: نـازانم چـیم کـردووە هەتـاوەکو بەوشـێوەیەم لێبێـت؟ تەنهـا پـــێش دوو ڕۆژ زۆر دڵخـــۆش وبـــێخەم بـــووم لەم جیهـــانەدا، ئێســـتاش وابەتەنهـــا وبەشـــەرمەزارییەوە پیرەبم، برازاکەم "ماری" بەجێی هێشتم.

- بەجێی هێشتی؟!
- بەڵـــێ، ئەم بەیـــانییە ژوورەکەی چۆڵبـــوو، لەجـــێگەکەی نەخەوتبـــوو، نـــامەیەکی کـــورت لەســـەر مێـــزی هـــۆڵەکە دانرابـــوو. دوێنـــێ شـــەو بەداخـــێکەوە نەك بەتـــووڕەیی، وتـــم ئەگەر شـــووت بەکـــوڕەکەم کردبـــایە شـــتەکان زۆر باشـــترەبوو

لەئێستا. لەوەیە بەم قسانەم ڕەچاوی هەستیم نەکردبێت، لەم نامەیەدا ئاماژەی پێکردووە ودەڵێت:

مامە بەنرخەکەم:

هەستەکەم بووم بەهۆی کێشە بۆت ئەگەر بەڕێگایەکی جیاواز ڕەفتارم بنواندایە ئەوکات ئەم کارەساتە چارە دەبوو، ناتوانم جارێکی دیکە لەژێر سەقفی خانوەکەشتدا دڵخۆش ببم ئەوەدەزانم ، بۆیە ئەبێ بۆهەمیشە ماڵەکەت بەجێ بهێڵم . نیگەرانی داهاتووم مەبە داهاتووم جێگیرە، پێش هەموو شتێك بەدوامەد مەگەڕێ، کارێکی بێ بەرهەم وشەرمەزارانە ئەبێ بۆم.

خۆشەویستی هەمیشەییت:ماری

- مەبەستی چییە لەم نامەیە بەڕێز هۆڵمز؟ دەیەوێ خۆی بکوژێت؟
- نا، هیچ شتێکی لەوشێوەیە نییە، بەڵکو لەوەیە ئەوە گونجاوترین چارەسەر بێت، دڵنیام تۆخەریکە نزیك ئەبیتەوە لەکۆتایی چەرمەسەرییەکەت بەڕێز" هۆڵدەر".

- چـــی؟! بەڕاســـتی وادەڵێیـــت؟ هیچـــت بیســـتووە بەڕێـــز" هـــۆڵمز"؟ چیـــت زانیـــوە؟ خشـــڵەکان لەکوێن؟
- پێـــت وایە هەزار جـــونیە بۆپـــارچەیەك نرخێکـــی زیادەڕۆی بێت؟
- ئامادەم دەهەزار جونیە بەم.
- پێویســـت ناکـــات، ســـێ هەزار بەســـە، پاداشـــتێکی بچووکیشـــــت هەیە پـــــێم وابێـــــت. دەفـــــتەری چەکەکانـــت لایە؟ ئەوپێنوســـــە بگـــرە؛ واچـــاکترە چەکێکی چوار هەزار جونیەیی بنوسی.

بـــــــانکییەکە چەکەکەی نووســــــیو سەرســـــــامی بەڕووخساریشــــییەوە دیـــــاربوو، هـــــۆڵمز ڕۆشـــــت بۆنوســـــینگەکە وپـــــارچەیەکی سێگۆشـــــەی ئـــــاڵتوونی کەســـێ بەردی تێـــدابوو دەرهێنـــا وهەڵـــی دایە ســـــەر مێزەکە.

بریکارەکەمـــان هـــاواری خۆشـــی لـــێ بەرزبـــوویەوە وتی: بەدەستت هێنا! ڕزگارم بوو، ڕزگارم بوو!

دواتـــــر هەروەك چـــــۆن کـــــاردانەوەیەکی زۆری بـــــۆخەمەکەی هەبـــــوو بەهەمـــــان شـــــێوەش بۆخۆشـــحاڵییەکەی کـــاردانەوەیەکی زۆری دەربـــڕی وبەردەکـــانی وەکـــو منـــداڵێك لەســـەر ســـنگی نـــا، شـــێرلۆك بەتونـــدییەکەوە وتـــی: تـــۆقەرزاری شـــتێکی تـــری بەڕێـــز "هۆڵدەر".

-قەرزار؟!

- دواتــر قەڵەمەکەی هەڵگرتــوو وتــی: بــڕەکە دیــاری بکە بەڕێز: هۆڵمز" دەیدەم.

- نــا، قەرزەکە هــی مــن نــیە، بەڵکــو تــۆقەرزاری داوای لێبـــووردنی کـــوڕەکەتی، لەم دۆســـییەدا ڕەفتـــارێکی نواندووە کەمایەی شانازییە.

- کەواتە "ئارثەر" نەیبردووە؟

- دوێنـــی شـــەوپێم وتـــی، ئەمـــڕۆش پێتەڵـــێمەوە ودووبارەی ئەکەمەوە نەیکردووە.

- تۆ،دڵنیـــایی لەوە؟! کەواتە بـــابەخێرایی بـــڕۆین وپێـــی بڵێین ڕاستییەکان دەرکەوتووە.

- خـــۆی دەزانـــێ، دوای ئەوەی هەمـــوو شـــتێکم بـۆڕوون بـویەوە ڕۆشـتم بـۆلای، کاتێـك ڕەتـی کـردەوە چیـرۆکەکەم بـۆبگێڕێتەوە خـۆم بـۆم باسـکرد، دواتـر دانــی پێــدا نــا کەمــن ڕاسـتدەکەم وهەنــدێك وردەکــاریی دیکەشـــــی بوزیـــــادکرد کەبەتەواوی لای مـــــن ڕوون نەبـــوو......ئەو هەواڵانەی ئەمـــــڕۆ هێنـــــاومە وای لێکرد قسەبکات.

- بۆخاتری خوا پێم بڵێ، ئەم مەتەڵە سەیرە چییە؟!

- واکەم، ئەو هەنگاوانەشـــــــــی کەگـــــــــرتمە بەر بۆچارەســـەرکردنی پێتـــی دەڵـــێم، بەڵام بـــایەکەم جـــار شـــتێکت پـــێ بڵـــێم کەوتنـــی بـــۆمن وبیســـتنی لەتـــۆوە نەنـــگە. شـــتێك لەنێـــوان ســـێر " جـــۆرج بیرنوێـــڵ"

و"ماری" داهەبووە، وەئێتساش پێکەوە هەڵهاتوون.

- "ماری"؟!مەحاڵە!

- بابەتەکە تەنها ئەگەر نییە بەداخەوە، بەڵکو دڵنیا کەرەوەشە بەمانایەیەکی دیکە دڵنیابە؛ کاتێک تۆو کوڕەکەت ڕێگەتان پێدا بێتەماڵەکەتان و خێزانەکەتان بناسێت ئاشنای کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەوپیاوەنەبوون. یەکێکە لەمەترسیدارترین پیاوەکانی ئینگلتەرا، ئاڵوودەی قومارە وخوێرییە وهیچ هیوایەکی لەسەر نییە، بێ دڵ وبێ ویژدانە. وەبرازاکەشت هیچ شتێك دەربارەی نازانێت، کاتێك بەبەڵێن چپاندی بەگوێیدا هەروەك چۆن پێشتر لەگەڵ سەدان ئافرەتی دیکەدا کردوویەتی هەستی بەگەشانەوە کردووە ودەستی لەدڵی داوە. بەم شێوەیە دەستیان لەیەك بووە وبەنزیکەیی هەموو شەوێکیش یەکتریان بینیوە.

بانکییەکە بەڕووخسارێکی مردووانەوە هاواری کردوو وتی: ناتوانم بڕوابکەم، ناتوانم!

- کەواتە پێت دەڵێم دوێنێ شەو چی ڕوویداوە لەماڵەکەتدا، کاتێك برازاکەت وای زانیوە تۆڕۆشتویت بۆسەر جێگەکەی بەدزییەوە لەو پەنجەرەی بەسەر تەوێڵەکەوە دەڕوانێ قسەی لەگەڵ هاوڕێکەیدا کردووە، شوێن پێی بەڕوونی لەسەر بەفرەکە کەوتووە وهەرئەوەش مەودای

دوورییەکەیان ئاشکرادەکات. کاتێك لەبارەی تاجەکەوە زانیویێتی ئارەزووە پیسەکەی وای لێکردووە برازاکەت ڕازی بکات وئارەزووەکەی بۆ جێبەجێ بکات.

گومانم لەخۆشەویسی ئەونییە بۆتۆ، بەڵام هەندێك ئافرەت هەن خۆشەویستی دڵبەرەکەیان لەسەر هەموو شتێکەوە دادەنێن ئەمیش لەوجۆرە ئافرەتانەیە. کاتێك تۆی بینیوە دێیتە خوارەوە کەمێکی تێبینیەکانی بیستووە، بەخێرایی پەنجەرەکەی داخستووە وبۆئەوەی کارەکەی خۆی پێ پەردە پۆش بکات باسی خزمەتکارەکەی هێناوەتە گۆڕ، هەرچەندە لەوبارەشەوە ڕاستی کردووە.

کوڕەکەشت"ئارثەر" دوای قسەکردنی لەگەڵ تۆ ڕۆشتووە بۆئەوەی بخەوێ، بەڵام بەهۆی خەمی قەرزەکانی لەیانە خەوی لێنەکەوتووە. لەنیوەی شەودا گوێی لەدەنگی پێ بووە لەنزیك ژوورەکەی، هەستاوە بینیویێتی کچە ماماکەی بەدزییەوە لەڕاڕەوەکە هاتوو چۆیەتی وخەریکە دەڕواتە ژوورەکەی تۆ. هەندێك جلی لەبەرکردووە وخۆی شاردۆتەوە بۆئەوەی بزانێت چی ڕوودەدا وبزانێت ئەم ڕەفتارە نامۆیانە چین؟، لەوکاتەدا جارێکی دیکە لەژوورەکەی تۆهاتۆتە دەرەوە کوڕەکەت بەهۆی ڕووناکییەکەوە لەڕاڕەوەکەدا "ماری"

بەتـــاجەکەوە بینیـــوە و"مـــاری" بەبـــێ ئەوەی ئاگـــای لەکـــوڕەکەت بێـــت بەلایـــد ڕۆشـــتۆتە خـــوارەوە، دواتـــریش کـــوڕەکەت لەپشـــت پەردەکـــان بەجۆرێـــك خـــۆی شـــاردۆتەوە توانیـــوێتی هەمـــوو شـــتێك بەباشـــی ببینێـــت، بینیـــوێتی "مـــاری" پەنـــجەرەکەی کـــردۆتەوە وبەخێرایـــی تـــاجەکەی داوە بەکەســـێك لەتـــاریکییەکەدا ودواتـــر بەخێرایـــی پەنـــجەرەکەی داخســـــــتۆتەوە دواتـــــــریش ڕۆشـــــــــتۆتەوە بۆژوورەکەی.

کـــوڕەکەت هەتا"مـــاری" لەوێ بـــووە نەیتوانیـــوە هـــیچ بکـــات ئەگینـــا ئەوئـــافرەتەی کەخۆشـــی دەویســـــت ڕووبەڕوی کارەســـــاتێکی خـــــراپ دەبـــوویەوە، بەڵام هەرزوو درکـــی بەوەکـــردووە بەڕۆشـــتنی چـــۆن تێکدەشـــکێیت وچەنـــد گـــرنگە ئەومەســـەلەیە چارەبکـــات؛ بەخێرایـــی ڕۆشـــتووە، بەپێخواســـی، پەنـــجەرەکەی کـــردۆتەوە خـــۆی هەڵـــداوەتە دەرەوە بۆســـەر بەفـــرەکە وبەشـــەقامە تەســـــکەکەدا ڕایکـــردووە، توانیـــوێتی لەژێـــر ڕوونـــاکی مانگـــدا شـــتێك ببینێـــت. ســـێر"جۆرج" ویســـتویەتی ڕابکـــات بەڵام "ئـــارثەر" توانیـــوێتی بیگرێـــت، شـــەڕ لەنێوانیانـــدا دروســـت بـــووە وهەریەکەیـــان لایەکـــی تاجەکەیـــان گرتـــووە، کـــوڕەکەت لەوەی داوەو ســـەری برینـــدار کـــردووە، لەناکـــاو شـــتێك شـــکا، کـــوڕەکەت زانـــی تـــاجەکە لەچنگییەتـــــــی، بەخێرایـــــــــی گەڕاوەتەوە

وپەنـــــجەرەکەی داخســـــــتووە وگەڕاوەتەوە بـــۆژوورەکەت، ئەوکـــات زانیـــوێتی تـــاجەکە لەئاکـامی شــەڕەکەدا زیـانی بەرکەوتــووە، کاتێـك تۆدەرکەوتبویت هەوڵی داوە چاکی بکاتەوە.

- ئەمە ئەکرێت؟!
- لەوکـاتەی کەشـایەنی سـوپاس بـووە تۆمەتەکانـت ئەوی تـــووڕە کردبـــوو، نەیـــدەتوانی بەبـــێ ناوهێنـانی ئـامۆزاکەی ڕاسـتییەکان ئاشـکرابکات، ئەوئـــافرەتەی کەشـــایەنی ئەوەنیـــیە کەبەســـەریدا بێـــت، بەڵام بەهەرحـــاڵ بەوشـــێوەیە ڕەفتـــاری کردوو نهێنیەکەی پاراست.



بەڕێز هۆڵدەر هاواری لێ بەرزبوویەوە ووتی: بۆیە کاتێك تاجەکەی بینی قیژاندیوو کەوت بەزەویدا! ااەە، ئای خوایە! چەند بێ ئەقڵ وکوێر بووم! بۆیە داوای لێکردم بڕواتە دەرەوە تەنها بۆپێنج خولەك...... کوڕە ئازیزەکەم ئەیویست بڕوات وبەدوای پارچە ونبووەکاندا بگەڕێت لەشوێنی شەڕەکەدا. چەند بەخراپی حوکمم لەسەر دا.

"هۆڵمز" بەردەوام بوو وتی: هەرکە گەشتمەماڵەکە بەوردی دەستم بەگەڕان کرد لەدەوروبەری ماڵەکەدا بەهیوای دۆزینەوەی هەر ئاسەوارێك کە یارمەتیم بات، ئەمزانی لەدوێنێ شەوەوە هیچ بارانێك نەبارییەوە، ئەشمزانی شوێنپێیەکە هەر دەمێنێت. کاتێك بەدرێژایی ڕێگای فرۆشیارەکە دەڕۆشتم شوێن پێی زۆر تێکلاوم بینی بەجۆرێك کەنەمدەتوانی جیایان بکەمەوە، لەلایەکی دوورتر لەدووری دەرگای چێشتخانە شوێن پێی ئافرەتێکم دیتەوە کەوەستاوە وقسەی لەگەڵ قاچ دارینەکەدا کردووە ئاسەواری بازنەیی قاچی ئەوەی بەجوانی دەرەخست، دواتر ئەوەشم زانی کەکەسێك قسەکانی لێبڕیوون و بەڕاکردن گەڕاوەتەوە بۆماڵەوە ئەوەش لەڕێ ڕۆشتنەکەیدا بۆم دەرکەوت چونکە پێش ڕاکردنەکەی شوێن پێیەکان ئاسایی بوون ودواتر شوێن پێییەکان لەگەڵ ڕاکردنەکەیدا تەنك بۆتەوە، قاچ دارینەکە بەپێچاوانەی ئەوەوە کەمێك وەستاوە ئەوجا ڕۆشتووە. لەوکاتەدا بڕیارم دا وبەخۆمم وت

ئەمە شوێن پێی قاچ دارینەکە وخزمەتکارەکەیە کەبۆت باسکردم، لێکۆڵینەوەکانیشم پشت ڕاستییان دەکردەوە.

هەندێك شوێن پێی لاوەکی مابوونەوە گرنگیم پێنەدا وتم هی پیاوانی پۆلیسە، کەگەشتمە کۆڵانە تەسکەکە لەوبەفرەی کەلەپێشم دابوو گەشتمە چیرۆکێکی ئاڵۆز ودژوار.

هێڵێکی تێکەڵ بوو لەنێوان شوێن پێی کەسێك کەپێڵاوی لەپێیە وکەسێك کەپێخواسە ئەوەش ئەوشتە بوو کەزۆر دڵخۆشی کردم، بەوە دڵنیابووم کەشوێن پێی کوڕەکەتە. یەکەم کەس بەهەردوو هێڵەکە بەپیادە ڕۆشتبوو؛ بەڵام دووەم کەس بەڕاکردن، هەنگاوەکانی لەهەندێك شوێن ئەوەیان دەرەخست کەدوای کەسی یەکەم ڕۆشتووە.

وەدوی شوێن پێیەکان کەوتم بینیم بۆپەنجەرەکەی هۆڵەکە سەردەکێشی ولەکاتی چاوەڕوانیدا بەفرەکەی دەووروبەری پاککردۆتەوە لەبەردەم پەنچەرەکەدا، دواتر بەمەودای سەد مەترێك کەمێك زیاتریش ڕۆشتم هەتا گەشتمە ئەوناوچەیەی کەخاوەن پێڵاوەکە تیادا سوڕاوەتەوە، بینیم بەفرەکە بەجۆرێك شێواو ببوو وەك ئەوەی شەڕەکە لەوێدا بوبێت. لەکۆتایدا چەند دڵۆپە خوێنێکم بینی بەتەواوی دەری خست کەهەڵەنەبووم.

خاوەن پێڵاوەکە بەڕاکردن ڕۆشتبوو دەری دەخست کەئەو پێکاوە، لەشەقامە گشتییەکە لەکۆتایی شەقامەکە بینیم پیادەڕەوەکە پاککراوەتەوە بەم جۆرە ئەم بەڵگە کۆتایی هات لەوێدا.

ئەگەر بیرت بێت هەرکە هاتمە ژوورەوە بێ یەك ودوو ڕۆشتم وبەزەڕەبینەکەم لێواری پەنجەرەکەم پشکنی، هەرزوو توانیم بزانم کەکەسێك لێوەی ڕۆشتۆتەدەرەوە؛ توانیم ئەوەش بزانم کە شوێن پێیەکی تەڕیش هاتۆتە ژوورەوە ئەوەش ببینم ولەیەکی جیابکەمەوە، لەکۆتایدا توانیم بیردۆزێك بۆئەم دۆسییەدا دابنێم؛

کەسێك لەدەرەوە وەستاوە هەتاوەکو ئەوکاتەی کەسێکی دیکە لەژوورەوە خشڵەکانی بۆبێنێت، ئەوەش دیمەنێکە کەکوڕەکەت گەواهی دەری بووە ودواتر وەدوی کەوتووە ودەستی کردووە بەشەڕکردن لەگەڵیدا، هەریەکێکیان لایەکی تاجەکەیان گرتووە وڕایان کێشاوە، بەوهێزەی هەردووکیان زیانێکی وەها بەر تاجەکە کەوتووە کەهەرگیز هیچ کامیان بەتەنها نەیان دەتوانی بیکەن. دواتر بەتاجەکەوە گەڕاوەتەوە بەڵام پارچەکەی دیکە لەچنگی ئەوەکەی کە ماوەتەوە.

هەمووشتێك ڕوونە هەتاوەکو ئێستا، بەڵام یەك پرسیار ماوە: ئەوپیاوە کێ بوو؟ کێ تاجەکەی بۆهێناوە؟ یەکێك لەبنەما سەرەکییەکان لای من

ئەوەیە مەحـــاڵ بســـڕینەوە بـــۆئەوەی ڕاســـتییەکان دەربــکەون تەنــانەت ئەگەر بــڕوا پێکردنیشــی قــورس بێــت. برازاکەشــت یەکـێکە لەونموونــانە، زانــیم کەتــۆ نەتهێنــاوە بــۆیە هــیچ کەســێك لەبەردەمــم نەمــایەوە تەنهــا بــرازاکەت وخزمەتکارەکــان نەبێــت، وەئەگەر یەکێــك لەخزمەکارەکــانیش بێــت بــۆچی کــوڕەکەت ئامــاددەیە لــۆمەی بخــرێتە ســەر لەبــری ئەو؟ هــیچ هۆکارێـــــك نـــــیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئـــــاموزاکەی خۆشـــدەوێت پـــاڵنەرێکی بەهێـــزی هەیە بـــۆئەوەی نهێنیــیەکە بپارێزێــت، گومانەکــانم جێگیــر بــوو کاتێــك وتــت لێــی نزیــك بــومەتەوە پەنــجەرەکەی داخســتووە وهەرکەش ئێوەی بینیوە لەهۆش خۆی چووە.

وەهاوبەشــەکەی کێــیە؟ ئەبێــت پیاوێــك بێــت کەخۆشــی دەوێــت؟ ئەگینــا کێــی تــر هەیە وای لێبکــات خیــانەت لەتۆبکات؟

زانیشــــم ئێــــوە کەم دەچــــنە دەرەوە وبــــازنەی هاوڕێیەکانیشــــتان دیــــاری کــــراوە، لەبەر ئەوەی ســێر"جۆرج" شــۆرەتێکی خراپــی لەگەڵ ئافرەتــان هەیە، کەواتە ئەبــێ ئەو خــاوەن پــێڵاوەکە بێــت. کەئەویشــە پــارچە ونبــووەکەی لابێــت. لەگەڵ ئەوەی " ئــارثەر" بــۆی ئاشــکرابوو بەڵام دەیزانــی پــارێزراوە، "ئارثەر" نەیدەتوانی قسەبکات.

باشــە، ڕۆشــتم بۆمــاڵەکەی ســێر"جۆرج" وتــوانیم خزمەتکــارەکەی بناســم و وتــی کەوا گەروەکەی دوێنــێ

شـــەو ســـەری برینـــدار بـــووە، لەکۆتایـــدا تـــوانیم لەبەرامـــبەر شـــەش شـــڵ تاکێـــك پـــێڵاوی بکـــڕم، لەگەڵ خۆمـــدا هەڵـــم گرتـــوو بـــردم بۆســـتریتهام بـــۆئەوەی دڵنیاببمەوە لەڕێکی لەگەڵ شوێن پێیەکەدا.

بەڕێز"هۆڵـدەر" وتـی: دوێنـێ شـەو دەرۆزەکەرێکـم لە ڕێگەی تەوێڵەکەوە بینوە.

- بەتەواوی، ئەوە مـــن بـــووم. کاتێـــك ئەوپیـــاوەی کەدەمویســـت وەچـــنگم کەوت گەڕامەوە بـــۆبەیکەر وجلەکـــانم گـــۆڕی، ئەوڕۆڵەی دواتـــر کەدەمگێـــڕا زۆر هەســـتیار بـــوو، بەجۆرێـــك دەمزانـــی کەنابێـــت هـــیچ ڕێکـــارێکی یاســـایی بگـــرینە بەر چـــونکە بەهۆیەوە ئەو ئاژاوە ڕوودەدا کەلێی دەترسی.
زانیشـم کەسـێکی لێهـاتووەو خراپەکـارە بەجۆرێـك ڕەفتـــار دەکـــات دەســـتو پێمـــان دەبەســـتێتەوە لەم دۆسییەدا، ڕۆشتم بۆبینینی.
وەبێگومـــان لەســـەرەتادا نکـــۆڵی لەهەمـــوو شـــتێك کـــرد، بەڵام کاتێـــك وردەکارییەکـــانم لەبـــارەی ڕووداوەکـــانەوە پێـــوت هەڕەشـــــەی لێکـــــردم وکـــوتەک کەکەی کەلەنزیـــك خـــۆی بـــوو بـــۆی هەڵگـــــرتم، منـــیش بەخێرایـــی بـــێ یەك ودوو دەمـــانجەکەم لەســـەر ســـەری نـــا پـــێش ئەوەی هەوڵبـــات هـــیچ جـــوڵەیەك بکـــات. کاتێـــك پـــێم وت بـــۆهەر پـــارچەیەك هەزار جـــونیەیەی پێـــدەدەین بـــۆیەکەمین جـــار داخ بەڕووخســـارییەوە دیـــاربوو

**وتـــی: چ کارەســـاتێکە! دوێنـــێ شـــەو هەرســـێ پارچەکەم بەشەش سەد جونیە فرۆشت!**



**بەخێرایـــی تـــوانیم ناونیشـــانی کڕیـــارەکە وەربگـــرم، ڕاســـتەوخۆ ڕۆشـــتم بـــۆئەوێ، دوای ســـازانێکی زۆر خشـــڵەکانم بەهەزار جـــونیە بـــۆهەر پـــارچەیەك کـــڕی، دواتـــر ڕۆشـــتم بـــۆلای کـــوڕەکەت وپـــێم وت هەمـــوو**

شـــتێك باشـــە، دوای لەكۆتایشـــدا دوای ڕۆژێكـــی درێـــژ كاتژمێر دوو ڕۆشتمەوە وخەوتم.

بـــانكییەكە هەســـتاو وتـــی: ڕۆژێـــكە كەئینگلـــتەرات لەكارەســـــاتێكی گەورە ڕزگـــــاركرد بەڕێز"هـــــۆڵمز"، هـــیچ وشـــەیەك نـــادۆزمەوە بـــۆئەوەی سوپاســـت بـــكەم گەورەم، سوپاســــــگوزاری حۆمــــــت بـــــۆدەردەبڕم، توانـــاكەت زۆر لەســـەرو ئەوە بـــوو كەمـــن بیســـتبووم. ئێســـتاش ئەبـــێ بەخێرایـــی بـــڕۆم بـــۆلای كـــوڕەكەم وداوای لێبـــــوردنی لێـــــبكەم لەهەمـــــبەر ئەوكـــــارەی كەلەبەرامـــــبەری كـــــردم، لەبارەی"ماری"یشـــــەوە لەوەی پێـــــت وتـــــم زۆر بەزەیـــــیم پیایـــــدا دێـــــتەوە، ســـەڕەڕای تواناكانیشـــت بەڵام نـــاتوانی شـــوێنی ئەوم پـــێ بڵێی.

- ئەتـــــوانین بڵێـــــین لەهەر كـــــوێیەك بێـــــت لەگەڵ ســـــێر"جۆرج" ە، بەدڵنیـــــاییەوە ســـــزای ئەو تاوانەی كردویەتی هەركەی بێت وەری دەگرێت.

ـــ تەواو ـــ

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ

